# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٨٤٨ | دووشەممە ١٥ی جۆزەردانی ١٤٠٢ _ ٥ی ژوئەنی ٢٠٢٣

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا




## لە سەرەتای بەهارەوە: کوژران و برینداربوونی ٢٣ کۆڵبەر دەسبەسەرکرانی ١٣٠ کەس و ئێعدامکرانی ١٦ بەندکراو

لە سەرەتای بەهاری ئەمساڵەوە تا ئێستا لە کوردستان لانیکەم ٢٣ کۆڵبەر کەوتوونەتە بەر دەستدرێژی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی، ١٣٠ کەس بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی لەدژی ڕێژیم گیراون، لانیکەم ١٦ بەندکراو ئێعدام کراون، هەرنەبێ پێنج کەس بە تەقینەوەی مین کوژراون و بریندار بوون و تەقەی سەرەڕۆیانەی هێزەکانی ڕێژیم و ئەشکەنجەی بەندکراوان لە بەندیخانەکانی ڕێژیمدا بووە هۆی کوژرانی ٢٣ کەسی دیکە.

بەپێی ڕاپۆرتی «چاونیوز» لەو ١٣٠چالاکە کوردەی بە تۆمەتی جۆراوجۆر و بەبێ بەڵگەی قەزایی دەسبەسەر کراون، ٥١ کەسیان دادگایی و سزای لە سێ مانگ هەتا حەوت ساڵ سەرجەم (١٢٦٧مانگ) زیندانیان بەسەردا سەپاوە.

ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەڵێن تەنیا لە ماوەی مانگی ڕابردوودا لانیکەم سزای ئێعدامی ١٤٢ بەندکراو لە بەندیخانەکانی ئێراندا جێبەجێ کراوە.

## پەیامی کۆنفڕانسی ١٠٠ ساڵەی لۆزان:

# سەرکەوتنی کورد لەگرەوی یەکیەتی و گرێبەستێکی نەتەوەییدایە






## مستەفا هیجری:

## پێویستە بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە سەیری ڕابردووی خەباتی خۆمان بکەین

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٧ی جۆزەردان کاک مستەفا هیجری، لە دووەمین ڕۆژی کۆنفڕانسی ١٠٠ ساڵەی پەیماننامەی لۆزاندا کە لە شاری لۆزانی وڵاتی سویس پێک هات، وێڕای ئاوڕدانەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە سیاسەت و ڕوانینی زلهێزەکان و وڵاتانی بڕیاردەر لە دابەشکردنی کوردستان بەسەر چوار بەش و وڵاتدا، باسی لە دۆخی سیاسیی ئەمڕۆی کوردستان کرد و یەکگرتوویی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە هەر کام لە پارچەکانی کوردستانی بە زامنی دەستەبەرکردنی ویست و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان لەقەڵەم دا.

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات لە وتارەکەیدا بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە باسی لە پرسی ناکۆکیی نێوخۆی کورد و ئەو هۆکارانە کرد کە تا ئەمڕۆ بوونەتە هۆی ئەوەی کورد نەتوانێت وەک نەتەوەیەک بە یەکگرتووییەوە هەوڵی دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی بدات. بەڕێزیان بە پێداگریی لەسەر پرسی یەکگرتوویی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان و وەلانانی ناکۆکییە نێوخۆییەکانی بزووتنەوەی کوردستانی؛ «یەکگرتوویی»ی بۆ پرسی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بە زامنی دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەی کورد زانی.

ئیسماعیل بێشکچی، پرۆفیسۆر لیام ئەندەرسۆن، ڕۆجەر نۆردمان، ڕیچارد وایڵدینگ، عەبدوڵڵا موهتەدی، ئەبوبەکر کاروانی، ئیبراهیم بیرو، بایرام بۆیزل، وشیار زیباری، مەلا بەختیار، عوسمان بایدەمیر، ئیسماعیل کامیل، بورهان جاف، مەهمەت تان، ریواردی، پرۆفیسۆر هۆر مەنسوربەیگ و شێخموس ئۆزدەمیر وتاربێژەکانی دیکەی ئەو کۆنفڕانسە بوون.

## خاوەنداریەتی لە خۆڕاگریی زیندانییە سیاسییەکان ئەرکێکی مرۆیی نەتەوەیی و خەباتگێڕانەیە

ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە یەکساڵەی ناودێرکرانی ١٢ی جۆزەردان بە ڕۆژی بەندییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: ئەوەی پێویستە جەخت و هەڵوێستەی لەسەر بکەینەوە، بەردەوامیی کۆماری ئیسلامی لەسەر سەرکوت و تەپەسەری و ئێعدام و بەندکردنی ئازایخوازان و مافویستانە. ئەم ڕەوتە پێ بە پێی پەرەسەندنی بێزاری و تووڕەیی خەڵکی ئێران لەو ڕێژیمە و هاتنە مەیدانیان بۆ ڕووخاندنی، توند و تیژتر بەڕێوەچووە. کوشتاری ژنان و لاوانی ڕاپەڕیو و ئێعدامی لاوانی بەشدار لە شۆڕشی ژینا لە چەند مانگی ڕابردوودا، ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێ.

لەو بەیاننامەیەدا هاتووە: کۆماری ئیسلامی کە ئێستا لە هەموو کات زیاتر لە بڕیاری لێبڕاوانەی خەڵکی ئێران بۆ کۆتایی هێنان بە تەمەنی ڕێژیمەکەی دڵنیایە، دەیەوێ بە کوشتن و بەندکردن مۆتەکەی ڕووخان لە خۆی دوورخاتەوە و بۆ چاوترسێنکردنی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران یەک بە دوای یەک ڕۆڵە شۆڕشگێڕە بەندکراوەکانمان ئێعدام دەکا. بۆیە پێویستە هەموو نەتەوەکانی ئێران بە درێژەدان بەو یەکیەتی و هاودڵی و هاوخەباتییەی لەم مانگانەی دواییدا نیشانیان داوە، پشتیوانی بەندییە سیاسییەکان بن، بە بەرزکردنەوەی دەنگی ناڕەزایەتی و دروشمی بڕووخێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، پاشەکشە بە ماشێنی ئێعدام و سەرکوت بکەن.

## ناوەندی هاوکاری:

## داوا لە کۆمەڵگەی جیهانی دەکەین لە بەرانبەر کردەوە و جموجۆڵەکانی ئەم دواییەی کۆماری ئیسلامیدا بێدەنگ نەبن

ناوەندی هاوکاری ڕۆژی ١١ی جۆزەردان لە ڕاگەیەندراوێکدا ڕایگەیاند ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لەبەرانبەر ناڕەزایەتیی بەرینی خەڵک و ڕابوونی ژینادا بەچۆک داهاتووە، بە شەپۆلێکی نوێی ئێعدام و سەرکوتی خەڵک لەلایەک و، بە لەشکەرکێشی و هەڕەشەی هێرش بە مووشەک و دڕۆن بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەتەمای قەڵاچۆ و کۆمەڵکوژکردنی ژنان و منداڵان و پەنابەرانی کوردی ئێرانییە کە ساڵانێکە لە عێراق نیشتەجێن.

لەو ڕاگەیەندراوەدا هاتووە ئێمە حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بە بەردەوامی پێداگریمان لەسەر بزووتنەوەی مەدەنی و ناڕەزایەتیی جەماوەریی خەڵک لەسەر شەقامەکان کردووە و بەتایبەت لە سنوورەکانی کوردستانی عێراقەوە هیچ چەشنە جووڵەیەکی سەربازیمان نەبووە و نیشمانە. کەچی ڕێژیم بەو بیانووە بەردەوام ئێمە و بنکە مەدەنییەکانی شوێنی نیشتەجێبوونی خەڵکی سڤیل و ژن و منداڵی بە مووشەک و دڕۆن بۆمباران کردووە و لەو سۆنگەیەوە گیان و ماڵ و خەڵکی کوردستانی عێراقیش لەو هێرش و دەستدرێژییانەدا پارێزراو نەبوون.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران داوا لە هەموو وڵاتان، بەتایبەت وڵاتانی زلهێزی جیهان و بڕیاربەدەستی ناوچە، کۆڕوکۆمەڵە سیاسییەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ دەکەین لەهەمبەر جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە حیزبە سیاسییەکان و پەنابەرانی کوردستانی ئێران بێدەنگ نەبن و هەنگاوی بەکردوەیان بۆ پێشگرتن بەو کارەساتانە هەبێت. هاوکات داوای لە هەموو خەڵکی کوردستان و ئێران لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات کردووە کە بە خۆپێشاندان و ناڕەزایەتیی سەرشەقام وەڵامیان بۆ دەستدرێژییەکانی سپای پاسداران هەبێت.


دیاردەی بەرگری و پەلامار لە شۆڕشدا
د. کامڕان ئەمین‌ئاوە
٣

ڕۆژئاوا و دیپلۆماسیی بارمتەگیریی کۆماری ئیسلامی
عەلی بداغی
٤

لە سەربەخۆییخوازانی بازنەی ئیستانبووڵ هەتا شۆڕشی ژینا
شاڕوخ حەسەن‌زادە
٥

لە ”پەیمانی لۆزان“ەوە بۆ ”شۆڕشی ژینا“
سمایل شەرەفی
٥

دێموکراسی و گەشەی ئابووری (ئێران بۆ نموونە)
د. محەممەد حوسێن‌زادە
٦

## مستەفا هیجری:

# بەدەر لەوەی خەتای لێکدابڕانەکانمان بخەینە ئەستۆی ئەم و ئەو، با بە خۆماندا بێینەوە و بیر لە گرێبەستێکی نەتەوەیی بکەین

### (دەقی وتاری بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب لە کۆنفرانسی ١٠٠ ساڵەی پەیماننانەی لۆزاندا)

**خوشک و برایانی خۆشەویست!**

سڵاوێکی گەرمتان عەرز دەکەم و دەستخۆشی دەکەم لە هەموو ئەو هاوڕێیانە کە ماندووبوون بۆ پێکهێنانی ئەو کۆنفڕانسە کە لە یادێکی مێژووییدا پێکهاتووە و لەجێی خۆیدایە قسەی زۆری لەسەر بکرێ و کاری بۆ بکەین. بەتایبەت نەک لەبەر ئەوە کە هەر کۆبوونەوەیەک بکەین و بەجێی بێڵین، بەڵکوو دەرسی لێ وەربگرین و لێی فێربین. من ناگەڕێمەوە زۆر مێژوو و لە ڕابردوودا نامێنمەوە کە بەداخەوە پڕە لە پەیماننامە و ڕێککەوتن لەدژی ماف و وڵات و نیشتمانی کورد لە هەموو بەشەکانیدا. چونکە کاتەکەمان ئەوەندە نییە، بەڵام بە کورتی هەر لە پەیماننامەی سێڤەرەوە دەست پێ دەکەم.

ئێمە لەنێو کوردەواریی خۆماندا زۆرجار دەڵێین پەیماننامەی سێڤەر، مافی کوردی سەلماند، بەڵام لۆزان تێکی دا. بەڵام ڕاستییەکەی وا نییە. چونکی دابەشکردنی کوردستان بەهۆی پەیماننامەی سێڤەرەوە بوو، و هەموو کێشە و ماڵوێرانی کورد لەو ڕۆژەوە دەست پێ دەکا. بە بۆچوونی من ڕێککەوتنی سێڤەر، هەر لە ڕۆژی لەدایکبوونیەوە مردبوو. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە یەکەم، بەشی زۆری کورد چارەنووسەکەی زۆر خراپ خرایە سەر دوو وڵاتی عەرەبی عێراق و سووریە. بەشێکی کەمیش کە لە کوردستانی تورکیەدا مایەوە، لە ڕێککەوتننامەی سێڤەردا باس لەوە کرابوو کە ئۆتۆنۆمیی نێوخۆییان پێ بدات. بەڵام ئەو ئۆتۆنۆمییە نێوخۆییە ئەوەندە شل و شەوێقە، ئەوەندە لەرزۆکە کە هەر بۆخۆی وردە وردە زەمینەی تێداچوونی خۆی ڕەخساند. ئەگەر سەرنجتان دابێ، لە پەیماننامەی سێڤەردا ئەو بەشە لە کوردستانی تورکیە باس لە مافی ئۆتۆنۆمی نێوخۆییەکەی دەکا، سێ نوێنەر لە وڵاتانی براوەی شەڕی بۆ دیاری دەکا. فەڕانسە یەک کەس، بریتانیا یەک کەس و کەسێکیش لە ئیتالیا. کە ئەوانە ئەرکیان ئەوە بووە لە ماوەی شەش مانگدا گەڵاڵەیەک ئامادە بکەن بۆ ئەو مافەی کە دیاری کراوە بۆ ئەو بەشە کەمەی لە کوردستان ماوەتەوە؛ جارێ هەر لەو هەیئەتەدا یەک کوردی تێدا نییە. بەمجۆرە وەکوو زۆربەی زۆری پەیماننامەکان، دووبارە چارەنووسی نەتەوەی کورد دەکەوێتەوە دەستی غەیرە کورد کە بەپێی قازانج و بەرژەوەندییەکانی داگیرکارانەی خۆیان دوای شەڕ، دەیانەوێ دیاریی بکەن. دوای ئەو شەش مانگە ئێمە لانیکەم شتێک، گەڵاڵەیەک، نابینین بزانین چییان کرد؟ بەڵام هەمووی بەسراوەتەوە بە ئەگەر و ئەمما. هەر لەو خاڵانەدا کە لە پەیماننامەی سێڤەر بۆ کورد هاتووە بۆ ئەو مافە، بە ئیستلاح باس لەوە دەکا کە ئەگەر ئەو سێ کەسە کێشەیان هەبوو لەسەر هێندێک خاڵ و پێک نەگەیشتن، ئەوە دەوڵەتانی پێوەندیدار مەسەلەکە چارەسەر دەکەن. یانی دووبارە لێرە دەیبەستێتەوە بە مەسەلەی ئەو دەوڵەتانەی کوردیان بە سەردا دابەش کراوە. ئەگەر ئەوەش جێبەجێ بوو، سەرنج بدەن هەمووی ئەگەر و ئەممایە! ئەگەر ئەوەش جێبەجێ بوو، دوای ساڵێک کوردەکان داوایان لە هاوپەیمانیی دەوڵەتان کرد ڕاپرسی بکەن. ئەگەر ڕێککەوتنیان کرد، و ئەگەر کۆمەڵەی دەوڵەتانیش پەسندیان کرد کورد دەتوانێ مافی سەربەخۆیی هەبێت، ئەودەم ئەو مافەی بۆ دیاری دەکەن. تەواوی ئەوانە ئەمما و ئەگەرێکن کە هیچ تەزمینێک بۆ جێبەجێبوونیان نەبووە. بۆیە دەبینین زۆر بە ئاسانی لە ماوەی سێ ساڵدا، لە پەیماننامەی سێڤەر هەتا لۆزان کە ئاڵوگۆڕێک لە ناوچەدا دێتە پێشێ و بڕیاری دەوڵەتان دێتە سەر ئەوەی تورکیەی تازە پێکهاتوو، دەبێ سەقامگیری، ئەمنییەت و سوباتی هەبێ. بەوە زۆر ڕاحەت زەمینەی پەیماننامەی لۆزان پێک دێ و بۆ ئەو کارەش دەوڵەتی ئیتالیای ئەودەم، ڕادەگەیەنێ کە ئامادە نین هیچ سەربازێک بنێرن بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە و فەڕانسە و بریتانیاش زۆر ڕاحەت پاشگەز دەبنەوە و ئاکامەکەی ئەوەیە کە لۆزان بە مێژوو دەسپێردرێ.

ئەوە چارەنووسی کورد بوو کە گۆیا قەرار بوو مافی بدرێتێ. بۆیە من ئەوە دووبارە دەکەمەوە کە بە هەڵە نەچین لە قوربانیبوونی کورد لە دوایی شەڕی یەکەمی جیهانیدا. ئەوە تەنیا لۆزان نەبوو، بەڵکوو ڕەوتەکە لە سێڤەرەوە دەست پێ دەکا. نموونەتان عەرز دەکەم باقیی وڵاتەکان چی بوو؟ بۆ نموونە ئەرمەنستان کە وڵاتێکی چووکەیە، کاتێک بەپێی ڕێککەوتننامەی سێڤەر دەیانەوێ وڵاتی سەربەخۆی بۆ پێک بێنن، وڵاتانی براوەی شەڕ داوا لە سەرۆککۆماری ئەودەمی ئەمریکا دەکەن ئەرکی پشتیوانیکردن لە ئەرمنستان بگرێتە ئەستۆی خۆی و، ئەمریکا ئەوە قبووڵ دەکا و هەر لەو ساڵەدا سەربەخۆیی بۆ ئەرمنستان ڕادەگەینێ، پشتی دەگرێ و دەوڵەتی تورکیە ناچار دەکەن ئەو سەربەخۆییە بسەلمێنێت و تەنانەت بەڵێنی ئەوەی پێ دەدەن دادگا بۆ لێپرسینەوە لەوانە پێک بێنێ کە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکانیان کردووە. وڵاتانی براوەی شەڕ بۆ ئەرمەنستان ئەوە دەکەن، بەڵام بۆ کورد کە باسمان کرد بەو شێوەیە بوو. بۆیە ئێمە دەبینین ڕێککەوتنە نێونەتەوەییەکان بە قازانجی ئێمە نین، یان بە قازانجی ئێمە تەواو نەبوون.

ئەوانە بە جێگای خۆی من پێم وابێ ئەوە کە ئێمە لە سیاسەتی خۆماندا هەمیشە باس لەوە بکەین وڵاتانی بڕیاربەدەستی جیهان لە هەموو مێژوودا لەسەر هەموو ڕێککەوتنەکان بخەینە ژێر پرسیار. باس لەوە بکەین لە پەیمانی سێڤەردا، یان لە کۆنڤانسیۆنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، مافی چارەنووس بۆ نەتەوەکان بە ڕەسمی ناسراوە. باس لەوە بکەین مافمان فەوتاوە و ئێوە مافی ئێمەتان فەوتاندووە، ئەو باسە نەمرێ و نەبڕێ و هەر بە جیهان بڵێین ئێمە سەبارەت بەو زوڵم و زۆردارییەی بە نیسبەت نەتەوەی کورد کردووتانە، نە دەتانبەخشین و نە لەبیری دەکەین. بەڵام خۆشەویستان لە پەنای ئەو داواکارییەمان لە جیهان، لە وڵاتانی بڕیاربەدەست، با بۆخۆشمان جارێک بە مێژووی خۆماندا بچینەوە. ئێمە چەند بۆخۆمان یارمەتیدەر بووین و بوارمان ڕەخساندووە بۆ ئەوەی دەوڵەتانی بڕیاربەدەست چارەنووسی ئێمە بە دەستەوە بگرن و ئەو چارەنووسە لە دەستی ئێمە دەربێنن؟

بەپێی تێگەیشتنی من ئەوەندەی دەوڵەتانی بڕیاربەدەست، بەنیسبەت مەسەلەی کوردە کردوویانە، ئەوەی کورد بۆخۆی کردوویەتی شتێکی کەمتر لەو نییە. ئێمە لە ڕابردوو و لە ئێستاشدا، زۆر بەئاشکرا دەبینین کاتێک دەوڵەتانی ناوچە، دەوڵەتانی بڕیاربەدەستی جیهان، تەماح لە خاکمان دەکەن، ئەو کاتەیە کە بۆخۆمان لاوازین و بۆخۆمان ئەو بوارمان ڕەخساندووە. بە واتایەکی دیکە دەتوانم بڵێم ئەگەر وڵاتی کوردان چەند جار بەهۆی ڕێککەوتنە نێونەتەوەییەکانەوە دابەش کراوە، کورد بۆخۆی بە دەستی خۆی چەند بەرابەر لەوە زیاتر کوردی دابەش کردووە. هەر ئێستاش کە ئێمە دانیشتووین و یادی ئەو ڕێککەوتنەی لۆزان دەکەینەوە، بۆچوونی من ئەوەیە ئێمە هیچ دەرسێک لەو مێژووییە فێر نەبووین. ئێستاش لەنێو ئێمەی کوردی ماڵوێراندا گرێبەست و هێڵێکی سوورێکی نەتەوەیی نییە. ئەوەی کە لە پرسیارەکەدا هاتبوو چ بکەین ئاسەواری ئەو دابڕانە کەم بێتەوە؟ چ بکەین ئێش و ئازاری ڕێککەوتنەکانی لۆزان و سێڤەر و ئەلجزایەر و ئەوانی دیکە کەم بێتەوە؟ ئێمە دەبێ وەک نەتەوەیەکی وشیار بیر لەو مێژووییە بکەینەوە و ئەو مێژووییەمان لەبەرچاو بێ کە ئێمە ئەدی بە دەستی خۆمان چمان بەسەر خۆمان هێناوە؟

ئێمە دەسەڵاتی وڵاتانی بڕیاردەرمان نییە. ئەوان قازانج و بەرژەوەندیی خۆیان هەیە و جیهان و دەسەڵاتەکان بەپێی قازانج و بەرژەوەندیی خۆیان دابەش دەکەن. کەوابوو لەگەڵ ئەوەی وەکوو عەرزم کردن داوای مافی خۆمانیان لێ دەکەین و پێیان دەڵێین کە زوڵمیان لێ کردووین، بەڵام دەبێ دان بەوەشدا بنێین ئەوەی یەکلاکەرەویە بۆخۆمانین. با بۆخۆمان ببینە هێز و هێزیش لە یەکگرتوویدا پێک دێ، کەچی ئێمە ئێستاش خەریکی دابەشکارین. دابەشکاری هەر ئەو نییە بێی سنوورێکی نێونەتەوەیی دیاری بکەی و خاک و وڵاتەکت دابەش بکەی. بەڵکوو شکڵ و شێوی جۆراوجۆری هەیە کە ئێمە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا لەگەڵی ڕووبەڕووین. ئێمە ئەگەر هێز بین و یەکگرتوو بین، دەوڵەتانی ناوچە جورئەتی ئەوە ناکەن بێن دەستێوەردان لە کارەکانماندا بکەن. وڵاتانی بڕیاربەدەست نە لەبەر خاتری مافی کورد، بەڵکوو لەبەر قازانج و بەرژەوەندییەکانیان بۆخۆیان دێن و دوامان دەکەون، ڕاوێژمان لێ وەردەگرن و یارمەتیمان دەدەن. ئەمن نموونەیەکی تازەتان دەدەمێ. ئێمە باسی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات و حیزبی دێموکرات لە ڕابردووی دووردا ناکەم. باسی خەباتی حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا دەکەم. لە ماوەی ئەو ٤٥ ساڵەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هاتوەتە سەر کار، ئێمە بە پیلان ڕێبەرانمان شەهیدکران، خاکمان بۆمباران کرا، خەڵکمان شەهید کرا، هەزاران پێشمەرگەمان شەهید بوو لەو ڕێگایەدا، بەڵام لەو ماوەیەدا هەمووی لەسەر یەک دابنێی، دەنگدانەوەی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات، بە قەدەر ئەو شەش حەوت مانگە نەبوو کە خەباتی ژن، ژیان، ئازادی لە کوردستانەوە چەخماخەی لێ درا. بۆ؟

**هاوڕێیان!**

حیزبی دێموکرات، کۆمەڵە و باقی حیزبەکانی دیکەی ئۆپۆزیسۆنی کوردی ئێرانی هەر ئەوانەن کە لە ڕابردوودا خەباتمان کردووە. بەڵام لە ڕابردووا ئێمە دەستمان چووە خوێنی یەکتر، کوردمان لە ڕۆژهەڵاتدا ناهومێد کرد، بەڵام ئەمجارەیان لەو خەباتەدا یەکمان گرت. دوو دێموکرات یەکی گرتەوە، دوو کۆمەڵە یەکی گرتەوە. کۆمەڵە و دێموکرات ناوەندی هاوکارییان پێک هێنابوو. بە خەڵکمان گوت مان بگرن، خەڵک مانی گرت. گوتمان وەرنە سەر شەقام، هاتنە سەر شەقام و ئەو خەباتە نەک کوردستان، سەرانسەری ئێرانی گرتەوە. هەر بە ئێرانیش نەوەستا و سنوورەکانی بەزاند و چووە سەرانسەری دنیا. ئەمڕۆ دوای حەوت مانگ ئێوە دەبینن لە ئوروووپا و لە ئەمریکا ڕۆژ نییە لە گوشە و کەناری ئەو وڵاتانەدا، ئێرانییەکان هەموو پێکەوە لەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نەیەنە سەر شەقامەکان و داوای ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نەکەن و داوا نەکەن سپای پاسداران بخرێتە لیستی تێرۆرەوە. ئەوەندی کە ئەو وڵاتانە لەو ماوەیەدا فشاریان خستووەتە سەر کۆماری ئیسلامی، گەمارۆیان خستوەتە سەر ڕێژیم و پشتیوانیان لە ڕاپەڕینی خەڵکی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی کردووە، لە تەواوی ئەم چل و چەند ساڵەی ڕابردوودا نموونەی نەبووە. بۆیە من جارێکی دیکە داوام ئەوەیە کە زۆرتر لەوەی هەر خۆمان پاک و بێ خەتا نیشان بدەین و هەموو خەتاکان بخەینە ئەستۆی ئەم و ئەو، با بە خۆماندا بێینە و ئاوڕ لە خۆمان بدەینەوە. با خۆمان ئیسلاح بکەین.

ئەگەر بەڕاستمانە و خەباتمان و قوربانیدانمان بۆ ڕزگاریی خاک و خەڵکەکەمانە، با جارێک بیر لە قازانج و بەرژەوەندیی نیشتمانەکەمان بکەینەوە. با لە قازانج و بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتی و عەشیرەتی خۆمان ڕزگار بکەین. دەنا ئیمکانی نییە هیچ شوێنێک لە جیهاندا ڕوحممان پێ بکەن و بەفریامان بکەون.

زۆر سپاستان دەکەم



# ناوەندی هاوکاری: هەمیشە و لە هەموو جێیەک دەنگی بەندیە سیاسییەکانمان بین

ساڵێک لەمەوبەر لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پشتیوانیی زۆر لە ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ لە کوردستان ڕۆژی ١٢ی جۆزەردان، وەک ڕۆژی بەندییە سیاسییەکانی کوردستان ناودێر کرا.

هەڵبژاردنی ئەو ڕۆژە لەو سۆنگەیەوە بوو کە لە ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ی هەتاوی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تاوانێکی گەورەدا ٥٩ لاوی خەڵکی شاری مەهابادیان بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان لە شاری تەورێز گوللەباران کرد. ئەو ٥٩ بەندییە سیاسییە نە بەئاشکرا دادگایی کران، نە مافی ئەوەیان بوو پارێزەریان هەبێ و تەنانەت دوای ئێعدامی بەکۆمەڵیان تەرمەکانیشان نەدرایەوە بە بنەماڵەکانیان و هەتا ئێستاش گۆڕبزر کراون.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردوودا دەیان هەزار چالاکی سیاسیی کوردی لە نێوخۆی وڵات لە سۆنگەی مافخوازییانەوە دەسبەسەر کردووە و لانیکەم ٢٣٠٠ زیندانیی سیاسیی کوردی ئێعدام کردووە. ڕێژیم یەکەم ئێعدامەکانی لە کوردستان بە ئێعدامی ١٢ کەس لە شاری پاوە لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا دەست پێ کرد کە زوو شار و ناوچەکانی دیکەی کوردستانی گرتەوە و لە درێژەی جینایەتەکانی خۆیدا کارەساتی ئێعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ لاوی مەهابادیی لە جۆزەردانی ١٣٦٢دا خوڵقاند. ئەم ڕێژیمە لە ماوەی ٤٤ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا دەستی بۆ زۆر جینایەت و تاوانی گەورە لەدژی بەندییە سیاسییەکانی کورد بردووە، هۆکارەکەشی ئەوە بووە کە بزووتنەوەی سیاسیی کورد هەموو کاتێک لە سەنگەری پێشەوەی خەبات لەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بووە و ڕۆڵەکانی نەتەوەی مافخواز و خەباتکاری کورد بە دەسبەسەرکران، ئەشکەنجەدران، ئێعدام و حوکمدران بە زیندانی درێژخایەن و بێبەشبوون لە هەموو مافێکی زیندانیی سیاسی بەرگرییان لە خەباتی ڕەوای گەلەکەیان کردووە. بەڵام دیاریکردنی ڕۆژی ١٢ی جۆزەردان، وەک ڕۆژی بەندییە سیاسییەکانی کورد لە زۆر ڕەهەندەوە گرینگ و لەجێی خۆیدایە، چونکی ئەم ٥٩ بەندییە سیاسییەی لەو ڕۆژەدا بەکۆمەڵ لە زیندانی تەورێز ئێعدام کران سەر بە یەک ڕێکخراوی سیاسیی تایبەت نەبوون و ئەندام و لایەنگری زۆربەی حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانیان تێدا بوو. ئەوان هاوئامانج و یەکمەبەست بە مەرگی سەربەرزانەیان بوون بە پێشەنگی بەرگریکردن لە ماف و ناسنامەی نەتەوەکەیان. ئەوان بە سەربەرزییەوە گیانیان سپارد، بەڵام چۆکیان دانەدا و ڕوحی بەرزی خەباتگێڕییان بە بەری بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی گەلەکەیان داکرد.

ناوەندی هاوکاریی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لەگەڵ دووپاتکردنەوەی پشتیوانیی خۆی لە ناودێرکردنی ١٢ی جۆزەردان، وەک ڕۆژی بەندییە سیاسییەکانی کوردستان بە ڕێز و حورمەتەوە یادی ئەو ٥٩ لاوە شەهیدە و هەموو بەندییە سیاسییە شەهیدەکانی دیکەی کوردستان دەکاتەوە. هەروەها سڵاو دەنێرێ بۆ زیندانیانی سیاسیی پێشوو، و بەندییە سیاسییەکانی ئێستا کە چاڵەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامییان کردۆتە گۆڕەپانی خەبات و خۆڕاگری دژی ڕێژیم.

ناوەندی هاوکاری هەر لەو بۆنەیەدا ڕادەگەیەنێ کە ١٢ی جۆزەردان پێویستە ببێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، کۆڕوکۆمەڵەکانی مافی مرۆڤ و سەرجەم لایەن و تاکەکان لەهەر هەلومەرج و بارودۆخێکدا ئەرکەکانی سەرشانمان بەرانبەر بەندییە سیاسییەکان و بنەماڵەکانیان لەبیر بێت. پێویستە هەمووان لە هەموو بۆنەیەکدا دەنگی بەندییە سیاسییەکان لە نێوخۆی ئێران و دەرەوەی وڵات بین و بە پشتیوانیی بەردەوامی ڕێژیمیش تێ بگەیەنین کە بەندییە سیاسییەکانمان هەموو خەڵکی کوردستانیان لە پشتە و کۆمەڵگەی کوردستان لە ئاست چارەنووسی ئەواندا خۆیان بە ئەرکدار دەزانن.

بەردەوامیی خەبات و ئەرکوەخۆگریی لاوان و هەست بە بەرپرسایەتی لەهەمبەر چارەنووسی گەل و نیشتماندا کە لە شۆڕشی ژینادا تابلۆیەکی هەرەجوانی بە خوێن‌نەخشاوی خستەوە بەرچاو، بە هەمووان دەڵێ نە ئێعدام و نە تێرۆر، نە کۆمەڵکوژی و قەڵاچۆ، نە بەندیخانە و ئەشکەنجە و نە پتر لە چوار دەیە سەرکوتی خوێناوی نەیانتوانیوە ئیرادەی خەڵکی کوردستان تێک بشکێنن و شکان و دەستەوەستانی و زەبوونی لەهەمبەر ئەو ئیرادەیەدا، هەر بە بەژنی ڕێژیم بڕاوە کە بەشێکی ئەو سەروەرییە بۆ خۆڕاگریی زیندانییە سیاسییەکان لە بەندیخانەکانی ڕێژیمدا دەگەڕێتەوە.

سڵاو بۆ گیانی شەهیدانی ١٢ی جۆزەردان و هەموو بەندییە سیاسییە ئێعدامکراوەکان!

سڵاو لە زیندانییانی سیاسیی خۆڕاگر و بنەماڵەی سەربەرزیان!

سڵاو لە ئیرادە و خۆڕاگریی گەلی کورد!

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٢ی جۆزەردانی ١٤٠٢ی هەتاوی**

